# ڕاگەیاندراوێک سەبارەت بە بڕیاری دادگەی فیدراڵی

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**

ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی ١٥-٢-٢٠٢٢ دادگەی فیدراڵی عێراق لە دانیشتنێکی تایبەت بە لێکدانەوەی پرسی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و لە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراودا، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانی بە پێچەوانەی دەستووری عێراق لێکدایەوە و داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە پێبەندی بڕیارەکە بێ و داواشی کردووە کە دیوانی چاودێری دارایی عێراق، چاودێری تەواوی گرێبەستەکانی فرۆشتنی نەوت و گاز بکەن. هەروەها داوا لە حکومەتی هەرێم کراوە کە تەواوی داهاتە نەوتییەکان لەبەر دەستی وەزارەتی نەوتی عێراق بنێ.

ئێمە وەک چەند لایەنی سیاسیی خەمخۆر و خاوەن هەڵوێست، دەزانین کە داهاتی نەوتی هەرێم بە شاراوەیی ماوەتەوە و گەندەڵی زۆری تێدا دەکرێ و لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاریدا سوودی لێوەرناگیرێ و بەفیڕۆ دەدرێ و هاووڵاتیانی کوردستان تێیدا سوودمەند نین، بەلام دیسانیشەوە ئەو بڕیارەی دادگەی فیدراڵی بە ناڕەوا دەزانین، چونکە بڕیاری لەو بابەت ڕێ لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورستان دەگرێ و بە پێچەوانەی یاسایی فیدراڵی لێکدانەوەی بۆ دەکرێ. ڕاستییەکەی خەڵکی کوردستان چاوەڕوان بوون کە دادگەی فیدراڵی لەسەر بڕینی قوتی خەڵکی هەرێمی کوردستان و گاڵتەجاری پاشەکەوت و برسیکردنی خەڵک بەدەنگ بێت و بڕیاری بوێرانە بدات. خەڵکی کوردستان خوازیارن کە دادگەی فیدراڵی جەخت لەسەر دادگەییکردنی تێکڕای گەندەڵکارانی عێراق بکاتەوە و دادگەکان ڕابسپێرێ تا ئەوانەی دەستەڵاتەکانیان خراپ بەکارهێناوە سزایان بدات و دادپەروەری بچەسپێنێ.

**١- حزبی ڕزگاریی کوردستان**

**٢- بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان**

**٣- کڵپەی نیشتمانی کوردستان**

**٤- پارتی ناوەندی کوردستان**

**٥- ڕێکخراوی پێشەنگی گەلی کوردستان**

**١٦-٢-٢٠٢٢**